ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک: ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنان لە وڵاتی ئێران ڕووی لە دابەزینە.



بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە هاوکات لەگەڵ شەشەمی فێبریوێری لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە (شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان) لە ئێران بلاو بۆتەوە ، ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنان لە وڵاتی ئێران "ڕووی لە دابەزینە".

بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە هۆگرنەبوونی نەوەی نوێ بە خەتەنەکردنی ژنان، کۆچکردن بەرەو شارەکان، خوێندەواری، ژیانی مۆدێرن و تێپەڕینی زەمەن لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی خەتەنەکردنی ژنانە. بەڵام سەرباری ئەمەش ئەم نەریتە هەتا هەنووکە لە ئێراندا بوونی هەیە.

بە وتەی کامیل ئەحمەدی مرۆڤناس و بەرپرسی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە، ئەم توێژینەوە نزیکەی دەیەیەکی کاتی خایاندووە و سێ هەزار کەسی تاوتوێ کردووە.

لەم لێکۆڵینەوەدا گێڕانەوەی ژنێکی خەڵکی هەورامان تەختی مەریوان هاتووە کە وتوویەتی: "لێرە ژنێک هەبوو کە لە تەمەنی 20 ساڵاندا هاوسەرگیری کرد و کاتێک زانیان کە خەتەنە نەکراوە، بە زۆر خەتەنەیان کرد. خەڵک دەیانوت کچێکی بێئابڕوو و ناپاکە، چونکە خەتەنە نەکراوە. هەفتەیەک لە جێگادا خەواندیان هەتا برینەکەی خۆش بووەوە."

کردەوەی خەتەنە لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر تەندروستیی ژنان هەیە و لە هەندێ حاڵەتدا بە هۆی خوێنبەربوون و هەوکردنی زۆرەوە بۆتە هۆی مەرگی کەسەکە.

لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: "هەر سێ پارێزگای ڕۆژاوای ئێران لەم بوارەدا پێشکەوتنی باشیان بە خۆوە بینیوە بەڵام لە هەندێ دەڤەری هەورامان (نێوان سنووری پارێزگای کوردستان و پارێزگای کرماشان) و هەروەها هەندێ لە دێهاتەکانی کامیاران، ڕەوانسەر و پاوە لە پارێزگای کرماشان ئامادە نین واز لەم نەریتە بێنن."

لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە پەروەردە گرینگترین ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی ژنانە، هاتووە: "لە هەندێ لەم ناوچانەدا کچان لە تەمەنی 3 بۆ 6 ساڵان بە تیغی ڕیشتاشین یان چەقۆ خەتەنە دەکرێن و پاشان سەر ئەندامی زاوزێیان کە بریندارە خۆڵەمێشی گوێی تەندوور یان ئاوی ساردی پێدا دەکەن (لە ئێستادا مادەی دژەهەوکردنی وەکوو بیتادین و کەرەسەی تەندروستیی وەکوو گاز ستریل و شتی لەم چەشنە بە کار دەهێنن.)".

بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە خەتەنەکردنی ژنان زیاتر لە لایەن "کەمینەی سوننە مەزهەب لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا،کوردستان، کرماشان و هورمزگان" ئەنجام دەدرێت.

ئەم لێکۆڵینەوە پیشان دەدا کە خەتەنەکردنی کچان لە ئێران بەتایبەت لە ناو ئەهلی سوننەی شافێعیدا پێیشنەیەکی دوور و درێژی هەیە.

ژنێک لە گوندی گۆری لە پارێزگای هورمزگان بە ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتەی وت: ئەگەر ئێمە بمانزانیبا خەتەنەکردنی کچەکانمان زیانی هەیە، بێگومان نەماندەکرد. ئەوان بە ئێمەیان وت ئەم کارە مەکەن، بەڵام نەیانوت بۆچی. هیچ کەس لەمەڕ زیان و زەرەرەکانی خەتەنە ئێمەی ئاگادار نەکردەوە، ئێستا بە حاڵ دەیڕووشێنین. لە ڕابردوودا زۆریان دەبڕی بەڵام ئێستا ئێمە تەنیا بە حاڵ تیغێکی لێ دەدەین."

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە دەوڵەتی ئێران هەتا ئێستا بەرامبەر بەم بابەتە هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە، هاتووە: "پێدەچێ دەوڵەت پێی وا بێ ئەمە پرسێکی تایبەت بە ئەهلی سوننەیە و هەر لەبەر ئەوەش دەوڵەتی ناوەندی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە پرسی خەتەنەی ژنان هیچ هەوڵێکی فەرمی و نافەرمی نادا و ڕەنگە لەوەش نیگەران بێ کە ئەگەر دەستوەردان لەم بابەتەدا بکا ئەوا ئەو کەمە متمانەی کە لە نێوان ئەو و ئەهلی سوننەدا هەیە، ئەوەش نامێنێت."

ژنێکی گەنجی کرماشانی کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەشداری نواند وتی: "من خۆم خەتەنە کراوم، بەڵام ڕێگە نادەم کچەکانم خەتەنە بکرێن. پێشتر خاتوونێک بۆ خەتەنەکردنی کچان دەهاتە ئێرە، بەڵام ئێستا مردووە و تەنیا بۆ ڕێزگرتن لەم نەریتە تەنیا تیغێک لە ژێر تەنووڕەی کچان دەدەن (نایڕن) و دەڵێن: خەتەنە کرا. "

سەرچاوە: ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک: ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان لە وڵاتی ئێران ڕووی لە دابەزینە.